# هەڵەبجە بوڕکانی ڕقی پیرۆزی هەژارانە
.
....................................................

.... حاجی ئەنوەر / سویسرا، ٣/٢٠٠٦

سوتانی مۆنۆمێنتی هەڵەبجە ئەنجام بوو ئەنجامی نابەرپرسیارەتی دەستەڵاتی گەندەڵ و نەفامی کوردستان و هەر خۆیشیان بەرپرسن بەرامبەر ئێستاو مێژوو . دەبوایە هەر لەسەرەتادا خەڵکی هەڵەبجە ڕێگایان بە دروستکردنی نەدایە لەو شوێنەدا . وەک خۆیان دەڵێن (ئەم مۆنۆمێنتە بەڵای گیانی ئێمەیە ، باشتر ئەوەیە هەر نەمێنێت ) .کەس ناتوانێت و مافی نیە خۆی لە خەڵکی هەڵەبجە بە دڵسۆزتر بۆ هەڵەبجە لە قەڵەم بدات ، هەر لەو ڕونگەیەوەیە کە دەڵێن ( باشتر ئەوەیە هەر نەمێنێت ) تەنها ئەوان دەزانن باشی و خراپی بونی ئەو مەزارگایە چەندە ، مازارگاکە لە چاوی خەڵکی هەڵەبجەدا جگە لە دوکان و بازارێک ، زیاتر نیە بۆ پڕکردنی گیرفانە قوووووولەکانی بەرپرسە چاوچنۆکەکانی کوردستان ، بونیشی لەو شوێنەدا دیوارێکی پان و بەرزە لە بەردەم تیشکی خۆر بۆ ناو شاری هەڵەبجە . لە مێژووی تازەی مرۆڤایەتیدا هیچ قوربانیەک ئەوەندەی هەڵەبجە هەرزان فرۆش نەکراوە ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ دەڵێ ( لە کۆتای مانگی فێبرەوەریدا ، عێراق وەک بەشێک لە " جەنگی شارەکان " هێرشە ڕاکێتەکانی بۆ سەر تاران زیاد کرد ، ئەم پەرەپێدانەش وا پلانی بۆ دانرابوو کە پاڵ بە ئێرانیە لاواز کراوەکانەوە بنێ کە بۆ مێزی وتووێژکردن مل بدەن ، بەو مەرجانەی کە بەلای عێراقەوە باش بوو تەنانەت لێپرسراوێکی شوێن باوەڕی پایەبەرز لای " پاتریک تایلێر ی ڕۆژنامە نوس لە ڕۆژنامەی واشنتن پۆستدا درکاندبووی کە عێراق هەوڵی ئەوەی ئەدا کە

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دوژمنەکەی بخاتە ناو داوەوە ، لە ڕێگای بڵاوکردنەوەی
هێزەکانی بە ژمارەی زۆر ، لێپرسراوەکە ووتبوی " بۆ
یەکەم جار لە مێژوماندا کە دەمانەوێت ئێرانیەکان هێرش
بکەن " ئێرانیەکان لە هەڵەبجەدا ، ناچار کران کە هێرش
بکەن ). * هەمان سەرچاوەلە بڕگەیەکی تردا دەڵێ
(لەیەکەم دووهەفتەی مانگی ئازاردا لێشاوێ لە
ڕاپۆرتەکانی ئستخباراتی عێراقی ، تێبینی گەورە بونی
هێزی پاسدار و پێشمەرگەیان لە ڕۆژئاوای هەڵەبجەدا
کردبو . لەگەڵ تۆپبارانی ئێرانیەکان بۆ شارۆچکەی
سەیدسادقی نزیکی لە باکوڕدا . لە ١٣ی ئازاردا
ئێرانیەکان بە ڕەسمی بڵاویانکردەوە کە هێرشێکی
تازەیان لە ناوچەی هەڵەبجە بەناوی ( زەفەر ٧ ) ەوە
ئەنجام داوە،بەگوێرەی ڕادیۆ تاران ، هێرشەکە
بەهێزێکی هاوبەشی یەک و پاسداران جێبەجێ کرابو ) .
**

کیمیاوی بارانی هەڵەبجە سەرەتای کۆتایهێنانی شەڕی
کۆنەپەرستانەو ماڵوێرانکەرانەی عێراق ـ ئێران بوو ،
قوربانیەکەیشی خەڵکی ستەمدیدەو بەشمەینەتی
هەڵەبجەو شاری هەڵەبجە بو . سەرئەنجام ڕژێمی
فاشی بەعس براوەی یەکەم بو کە چەند ئامانجی
ئاواتەخوازانەی خۆی پێکا :ـ
١ ـ وەستان وبەرەو کۆتای هێنان بەو شەڕەی کە
دەرگیری بوو بوو .
٢ ـ لەناوبردن و کاولکردنی هەڵەبجە کە دەیان ساڵ بوو
چاوەڕێی هەلێک بوون ، کە پێشتریش لە ساڵەکانی
١٩٦٣+ ١٩٧٤ +١٩٨٧ بە دڕندارترین شێوە پەلاماری دا چ
بە سوتاندنی گەڕەکی کانی ئاشقان یان لە ڕێگای فرۆکە
ناپاڵم هاوێژەکانەوە کە ٣٦ شەهیدو زیاتر لە ٥٠ بریندار ،
یان بە کاولکردنی تەواوەتی گەڕەکی کانی ئاشقان و
شەهید بوونی ٦ کەس و زیندەبەچاڵکردنی ١٧ کەس .
٣ ـ خۆئامادەکردن بۆ لەناوبردنی یەکجارەکی کوردو
شۆڕشی کوردستان کە بەدوای کارەساتەکەی
هەڵەبجەدا شاڵاوی ئەنفالی دووی لە ٢٢/٣/١٩٨٨
دەست پێکرد لەناوچەی قەرەداغ
٤ ـ فاشستەکان دەیان زانی ئەمە دوا هەلە ڕزگاریان

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ببێت لەدەست  خەڵکی ئەو شارەی کە بووبویە
منداڵدانی شۆڕش و شۆڕشگێڕان و سیاسەتوان ،
هەربۆیە وەک وەفیق سامەڕای دەڵێت ٥٠٠ تۆن باروت و
گازی جۆراو جۆر لە هێرشەکەدا بەکارهێنراوە . بەمەش
ئاواتی دێرینیان هاتە دی .
پێویستە دەستەڵاتدارانی کوردستان لەسەروی
هەمویانەوە سەرۆک کۆمار و سەرۆکی هەرێم و هەردوو
حوکمەتەکە خۆیان لەو ڕاستیە گێل نەکەن کە ساڵانە
چەند ڕۆژ پێش و پاش یادی کارەساتەکە دوپاتی
دەکەنەوە هەڵەبجە کوردی بە جیهان ناساند . کورد نانی
هەڵەبجە دەخوات . هەڵەبجە تراجیدیای نەتەوی کوردە .
هەڵەبجە سومبولی خەباتی نەتەوەیمانە ........  .
هەڵەبجە بورکانی ڕقی پەنگ خواردوی هەژارانە ،
هەڵەبجە پێنوسی دەستی شاعیران  و تفەنگی
سەرشانی پێشمەرگەکانە ، هەڵەبجە ئاگاداریەک بوو بۆ
ڕۆژانی داهاتو ٢٤/٣ و ٢٦/٣  یادی بۆمبارانە .
بۆ ئەوەی کارەساتی تر ڕوونەدات دەبێت چاویلکە
ڕەشەکانتان ، قورقوشمی ناو گوێچکەکانتان  ، پارەوە زلە
جوعل بەحریەکانی ناو دەمتان هەموو فڕێدەن . ئەم
پینەو پەڕۆیەی ئێوەدەیکەن !!!! ئەم گەندەڵی ودزی و
ڕاوروتە و سازشەی ئێوە دەیکەن  . ڕاپەڕێنی برسیەکان
پێ لەدایک دەبێت .
دەستەڵاتداران لە هەموو لایەک باشتر دەزانن کە
خەڵکی ناڕازین و ڕاپەڕینیش بەردەوامە .
دیاری کردنی ٣٠ ملیون دۆلار بۆ چاککردنەوەی مەزاری
شەهیدان و هەڵەبجە بازرگانیەکی ترە بەسەر خوێن و
ئێسک و پروسکی ئەنفالکراوان و کیمیاوی بارانکراوان و
شەهیدانەوە ، دەبێت حکومەت : ـ
١ ـ مەزاری شەهیدان لە کۆتای شاری هەڵەبجەدا بە
شێوەیەکی شایستە بەو کارەساتە لە دەشتی نێوان
باوەکۆچەک و باموک ، یان لە دەشتی نێوان باموک و
عەبابەیلێ دروست بکەنەوە بۆ ئەوەی هەرکەسێک
سەردانی بکات بە ناو شاری هەڵەبجەدا تێبپەڕێ .
٢ ـ دەبێت  هەموو ئەو مولک و ماڵە زیادانەی کە
بەرپرسەکان دەستیان بەسەردا گرتوە بگەڕێتەوە بۆ

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

خەزێنەی دەوڵەت و بەکاربهێنرێ بۆ ئاوەدانی کوردستان .
٣ ـ بودجەی تایبەتی بۆ قەرەبوکردنەوەی زیان لێکەوتوانی بەتایبەتی کەس وکاری ئەنفالکراوان و کیمیاوی بارانکراوان و شەهیدان بەبێ جیاوازی .
٤ ـ لابردنی هەموو بەرپرسە گەندەڵەکان ، کە تەوقن بەسەر نەتەوەی کوردەوە . دەستگرتن بەسەر ئەو موڵک وماڵانەی کە بەناشەرعی پەیدایان کردوە وگێڕانەوەی بۆ خەزێنەی دەوڵەت و خانەنشین کردنیان .
٥ ـ کردنی هەڵەبجە بە پارێزگا بە هەموو پێداویستیەکانیەوە .
٦ ـ قەدەغەکردنی چەک لەناو شاری هەڵەبجەدا بە هەموو شێوەیەک .
٧ ـ کارئاسانکردن بۆ کەسانی بێلایەن و شارەزا کە ڕاپرسیەک لە ئاستی کوردستان و جیهاندا بکەن کە فرۆکەی جەنگی بەسەر هەڵەبجەدا تێنەپەڕێت .
٨ ـ دانانی تابلۆیەکی گەورە لە نێوان ناحیەی سیروان و شاری هەڵەبجەدا تیایدا بنوسرێ ( بۆ بەعسی و بەکرێگیراوانی بەعس نیە بێنە هەڵەبجەوە ) .
٩ ـ داکۆکی نەکردن لە ئەنفالچیان و کۆنە بەعسیەکان . تا بە سزای یاسای خۆیان بگەن .

* عێراق و تاوانی جینۆساید . ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ / خۆرهەڵاتی ناوەڕاست . وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە : جەمال میرزا عەزیز .
** هەمان سەرچاوە .

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com